# دوێنێ ڕەیان و ئەمڕۆماڵی مەلا عیسا و سبەینێ ......

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 7-5-2007 لەگەڕەکی تەپەی شاری کەرکوك هێزەکامی ئەمریکا تەقەیان لە ئۆتۆمۆبیلی هاولاتیەك کرد وە بو بەهۆی گیان لەدەستدانی مندالکەی کەناوی ( ڕەیان ئاراس عاصی حەلاق ) کەتەمەنی هەشت سالە ، وە لە شەوی 13 /14-5-2007 هێزێکی ئەمریکا بە هاوکاری هێزێکی ئاسایش هێرشی کردوەتە سەر ماڵێك لەگەڕەکی شۆرجە وە کەسێکیان کوشتوەو یەکێکی تریشیان بریندار کردوە جگە لەئیهانەو سوکایەتی کردن .

**جەماوەری ئازادی خوازی شاری کەرکوك**

ئەمە یەکەمین جارو دواهەمین جار نیە کە هێزەکانی ئەمریکا خەلکی بێتاوان ئەکەن بەنیشانی چەکەکانیان ،ڕۆژانە ئەم هێزانە لەژێر ناوی شەڕلەدژی تیرۆر دەیان تاوان لەدژی خەلکی بێدیفاع ئەنجام ئەدەن ، ئەم هێزانە نەك هەر نەبونی و گرانی و بێکاری وشەڕی تایفی و قەومیان بەدیاری دەستیان بۆ خەلکی عێراق هێنا بەلکو بەوەشەوە ناوەستن و مافی ژیانیش بەڕەوا نابینن بۆخەلکی ستەم دیدەی ئەم ولاتە ، جەماوەری عێراق لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا شاهیدی سەدان تاوانی لەم جۆرەیە لەلایەن ئەم هێزانەوە دژ بەخەلکی بێدیفاع .

**ئازادی خوازانی شاری کەرکوك**

ئێمە وێڕای ئەوەی بەشداری خەم وپەژارەی دایك وباوکی ڕەیان ئەکەین وە نیگەرانی خۆمان دەرئەبڕین لەهەلکوتانە سەر ماڵ وحاڵی هاولاتیان، هاوکات کوشتنی ڕەیان و هەلکوتانە سەر ماڵی مەلا عیسا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بەتوندی ئیدانەو مەحکوم دەکەین وبانگەوازی خەلکی ئازادی خوازو سەرجەم جەماوەری شاری کەرکوك ئەکەین کە لەئاست ئەم کارە تیرۆستیانەی هێزەکانی ئەمریکا بێدەنگ نەبن ودەنگی ناڕەزایەتیان بەرز بکەنەوەو چیتر ڕێگە نەدەن کە ڕۆلەکانیان بەبێ هیچ هۆیەك وبەبێتاوان مەحکوم بەمەرگ بکرێ ، دەبێ چیتر ڕێگە نەدەین ڕۆلەکانمان ببنە قوربانی ڕاگرتنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**کۆمیتەی کەرکوك**

2007/5/14